شیعر

# کە کوپێک پڕ دەبێت لە شەراب...
# تەنیاییم ئازاری لێ دەڕژێت

ڕابەر فایەق



من لەنێو قەرەباڵغیدا .. ماڵێکم هەیە لە تەنیایی
لە دڵی ئاودا .. تنۆک تنۆک شەراب دەژمێرم
لە پێکەنیندا لێوەکانم گوڵ دەگرن
لەنێو بەفردا ئەگر دەتوێنمەوە
من کوڕی خودام
قەترەیەکم نییە بۆ ژیان
دەفرێکم هەیە بۆ مردن..!
کوپێکم نییە بۆ عەشقی قەترانیت..
ئەی تاقانەترین یار..
وەرە لەم ئاژاوەیە بمبەرەوە سەر تایەفەی ڕەنگی پێستت
ڕێگەم بدە سیگارێک داگیرسێنم لە بەردەم ترسی خۆکوشتن
ئەی موسیبەتتر لە بیرکردنەوە و
تاقەت پڕووکێنتر لە خۆم:
بتەکانی تۆیی سنگم بشکێنە

تا لەم وێستگەی کوانووەدا نەبوومەتە شەختە..!
عەللاگەیەک لە گومان هەڵگرە
دڵۆپێک لە ئاو.. ببەخشە بە گەڵا سەوزەکان و..
پێم مەڵێ: لە کۆترێک ڕانابینم باڵەکانی لێ قەرزکەم
نا هاوڕێم: توانام هەیە لەم تاعوونەدا گوڵ لە ڕوومەتت بروێنم
سوژدەکانت بسپێرم بە فێنکیی سینییەک شووتی
سووریی باوەشێک فەرەنگی بەسەر لێوانت برژێنم..!
دڵتەنگ مەبە..
تەنیا خۆکوشتن خەڵتانی ڕووناکیمان دەکا
تاریکیمان هەڵدەوەرێنێ..!
ئەی موسیبەت..
تەماشاکە... بێتاقەتترم لە خەم
وەڕەسترم لە چنگێک ڕێحانی ناو دەستی جەللادێک
بێتاقەتترم لە ژیان..
گیانم بە تەنافی نامۆییتدا هەڵواسیوە
ئیتر..
هەر خەم شک دەبەم بۆ دڵدانەوەم..
لێگەوێ بە خودا بڵێم: ژیان بە بۆنی عەشق و
مردن بە تامی گێلاس و
هەنگاو بە پیاسەی ڕۆیشتنی ئێوارە جوانە..
چاوەکانت وەکوو توویەک بترووکێنم و
بڵێم: سوێند بە ڕێواس.. لە باخچەی خەیاڵت دەڕوێم
سەیرە..
تەمەننام سەوزترە لە توێکڵی ترۆزی
دەوەڵڵاهی.. کەلەم بە تامترە لە تەبسیی ماچ



**باینجان ڕەشترە لە نینۆکی پەنجەکانی یار**

**پرتەقاڵ تەڕترە لە باران**

**خودا ڕووتترە لە بەفر..!**

**ئەمشەو..**

**چارەگێک عەرەقی فەلی باوکایەتی دەخۆمەوە و**

**بە پێکەنین دەڵێم: گریان چۆنە؟**

**کە چوویتەوە لە ئەحواڵی "با" بپرسە و**

**پێی بڵێ: هاکا شەقامەکەی ئەوبەر هاتە سەر سنگی بێزاریت..!**

**ئاه..**

**خۆزگە دەتبینی کە قرچەم دەهات وەک شکانی چیلکە دارێک**

**خۆزگە دەتبینی کە باخچە پێدەکەنێت..**



**ئاو چۆن تەریق دەبێتەوە و**

**ئینجانەکان.. بە پێی پەتی دەچنەوە بەردەم پەنجەرە،**

**ڕەنگە..**

**بتێک بە خودا بڵێت: کاممان موقەددەسترین؟**

**ئەی عەشق: بۆنی هەناسەم دەلەرزێت..**

**پیاوێک دەڵێت: دەستت بگرە بە دڵتەوە و**

**برۆ.. تا هەنگاوت تۆزێک ڕۆیشتنی تیایە**

**بووەستە و**

**بە نیگایەک.. یار ئاشت کەرەوە لەگەڵ تۆران..!**

هەولێر/٢٠٠٧